# فەرهاد شاكەلی :

## پێم خۆشە ژن بگاتە ئەو ئاستە خۆی بەرگری لە خۆی بكات نەك هەمیشە پیاوێك هەبێت بەرگری لە مافی ژنان بكات



**دیداری / شیلان محەمەد – سەباح عەلی جاف**

**قسەكردن لەسەر مەسەلەی ژنان لە زۆر روو رەهەندەوە لە بیری كەسانی شارەزاو خە مخۆرەرەوە قسەكردنێكی فرە لایەنە و بۆ تیشك خستنە سەر هەندێك لایەنی مەسەلەی ژنان شاعیرو نوسەر ( فەرهاد شاكەلی ) بۆ رۆژنامەی ژیانەوە بەم شێوەیە وەلامی چەند پرسیارێكی دایەوە..**

## پ / بەو پێیەی كە تۆ ئەزموونی زۆربەی شارستانییەتە جیاوازەكانت دیوە ، جیاوازی نێوان ژنانی ئەوان و ژنی كورد چۆنە ؟

**فەرهاد شاكەلی: پێموایە پرسیارێكی قورسە ، بەو پێیەی زۆرجار چەندین ولات گەڕاوم و زۆر شارستانییەتم دیوە و لەم ولاتانەدا رۆژانە تۆ تەجروبەت لە گەڵ ژندایە ، دەبینی چۆن دەژی و چۆن منالْ پەروەردە دەكات و چۆن كار دەكات ؟ وە لە ولاتی خۆشماندا بەو پێیەی بەشێكی ژیانم لە كوردستان بردووەتە سەر ژنم وەكو خوشك وەكو دایك وەكو دەستگیران ناسیوە ، لە راستیدا جیاوازییەكی زۆر هەیە لە نێوان شێوە ژیانی ژن لە ولاتی خۆمان و ولاتە ئەوروپییەكاندا ...**

**گەر بەگشتی سەیری ئەم پرسیارە بكەین تەجروبەی ژیانی ژنی كورد لایەنی زۆر رووناك و چاكی تێدایە و لە بەرامبەردا لایەنی تاریكیشی تێدایە تەجروبەی ژیانی ژن لە ئەوروپایشدا هەردوو لایەنەكەی تێدایە ، ژن لە ولاتی خۆمان چەوساوەیە و بە كاردەهێنرێ بۆ مەبەستی سیاسی و لە بەراامبەردا مافە سیاسییەكەی نادرێتێ و زۆربەی دەسەلاتی سیاسی مەسەلەی ژن لە كوردستان وەك كەرەستەیەك بەكاردەهێنن بۆ بەرەو پێشەوەچوونی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای خۆیان ، پاداشتی ژنی كورد نەدراوەتەوە لە بەرامبەر ئەو ئەركە قورسەی كە لە رابردوودا هەیبووە .**

**ژنی ئەوروپا تا رادەیەكی زۆر ئازادە بەلام بەداخەوە هەندێ جار ئەو ئزادییە لە سنوور دەردەچێت ، بیرمە پێش دوو سالْ بۆ ئیتالْیا بانگهێشت كرام لەوێ پرسیاریان لێكردم لە بارەی ژنی سویدییەوە قسە بكەم و لە راستیدا ئازادی ژنی ئەوروپایی و پلەی ئازادییان وەك یەك نیەو هەر بونموونە ژنی ئیتالیایی لە گەڵ ژنی سویدی جیاوازی زۆری هەیە ، ژنی سویدی لە زۆر بواردا باشە لە بواری كاردا یان لە بواری ئەو ئازادییەی بۆ ئەوەی ژن خۆی پێبگەیەنێت ، هیوادارم ئازادی ژنی كورد و ژنی ئیتالیایی لە داهاتوودا وەك ئازادی ژنی سویدی بێت .**

## پ / پێتان وایە ژنی کورد هزری ئازادە ، ئەگەر ئازاد نییە ئەو کۆت و بەندانە چین کە بیر و هزری ژنانیان کۆت کردووە ؟

فەرهاد شاکەلی: پێموایە پرسیارەکەت تەنها بۆ ئەوەیە کە وەلآمەکەی لە منەوە ببیسیت ئنگلیز قسەیەکیان هەیە کە دەڵێت `` شتێك کە خۆت دەیلێیت ئەتەوێ بەرامبەرەکەشت لە سەری کۆك بێت`` پرسارەکەی تۆش هەر وایە...

لە راستیدا ژنی کورد نە لە رووی فکرەوە نە لە رووی دیکەوە ئازاد نییەو من پێم وایە پیاوی کوردیش ئازاد نییە نەك ژن ! لەم ولآتەدا هێشتا ئازادی نەبووەتە کەرەستەیەك کە خەڵکی بە کاری بهێنێت و بتوانێ بە ئازادی بژی ، ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو بەشە ناسکەیە کە زووتر زیانی پێدەگات و تواناى بەگریکردنی کەمترە بە هۆی هەندێك هۆکاری ( سیاسی ، کۆمەلآیەتی ، ئاین ) یەوە ، جاران ئاین هۆکاری یەکەم بووە کە دەڵێم ئاین مەبەستم ئەوە نیە کە ئاین دژی ژنەو من پێم وایە تەفسیرکردنی ئاین دژی ژن بەکار دەهێنرێ ، ئاین وەك پەیامێکی خوایی وەك پەیامێکی پیرۆز قەت دژی ژن نیەو هیچ ئاینێکی راستەقینە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا ناکات لە رووی ماف و ژیانەوە ، لە ئێستادا بە پلەی یەکەم هێزە سیاسیەکان ژن دەچەوسێنێتەوە و ژن بەکاردەهێنێت بۆ سیایەتی خۆی و ئەو مافانەی کە پێویستە ژن هەیبێت نەیداوەتێ.

کۆمەڵگەی ئێمە زۆر قەرزاری ژنە ، تەنها گەر لە خەباتی چەکداریدا سەیری قوربانی ژن بکەین رەنگە ئەوەندە پیاو قوربانی نەدابێت و لە ئێستادا دەبێت ئەو قەرزەی رابردوو بەژنی کورد بدرێتەوە نەك تەنها بە قسە بەڵکو بە بەشداری پێکردنی ژن لە دەسەلآتی سیاسی و کۆمەلآیەتیدا .

پێم خۆشە ژن بگاتە ئەو ئاستە خۆی بەرگری لە خۆی بکات نەك هەمیشە پیاوێك هەبێت بەرگری لە مافی ژنان بکات کە هیوادارم ژنان بەرەو ئەوە هەنگاو بنێن .

## پ / بوونی چەندین رێکخراوی تایبەت بە ژنان تا چەند مایەی خۆشحاڵییە ، ئایا ئەو رێکخراوانە توانیویانە کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاری کێشەکانی ژنان هەبێت ؟

فەرهاد شاکەلی: وەك دەزانن من وەك میوانێك هاتوومەتەوە کوردستان لە سەردانێکی وا کورت دا ئاسان نییە من بزانم کاریگەری رێکخراوەکانی ژنان چۆن بووە لە کۆمەڵگای کوردیدا ، بوونی کۆمەڵە و رێکخراوی ژنان شێوەیەکی باشی خەباتکردنە و لە ئەورو پایشدا هەروەها دەستیان پێکردووە .

من جارێك ویستم هەندێك لە بارەی مێژووی بزوتنەوەی ژنان لە سوید بخوینمەوە دیتم ژنانی ئەوێش هەر بە هەمان شێوە دەستیان پێکردووە ، حزبە سیاسییەکان رێکخراوی ژنانیان دروستکردووە و رێکخراوەکانی ژنان کاریان کردووە بۆئەوەی لەناو حزبە سیاسییەکاندا دەسەلآتی زیاتر پەیدا بکەن کە دەسەلآتی سیاسییان زیاتر بۆ پێشەوە چووە هەوڵیانداوە لە دەسەلآتی سیاسی دەوڵەتیشدا بەشدارییەکی زیاتر بکەن بۆ ئەوەی بچنە پەرلەمانەوە کە چوونەتە پەرلەمان و وەزارەتەکانەوە لەم رێگەیەوە توانیویانە کاریگەری لە گۆڕانی ئەو قانونانە بکەن کە پەرلەمان دەریکردووە و ئەو یاسا گەلانە کە پێشتر لە بەرژەوەندی پیاو بوونە ئەوان هەوڵی گۆڕانیان داوە بۆ ئەوەی هەندێك لە بەرژەوەندیەکانی ژنانی سوید بپارێزن .

ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی وەك سوید دا ناتوانم بڵێم سەد لە سەد یەکسانی هەیە بەلآم تا رادەیەکی یەکجار زۆر یەکسانی دروست بووە و بگرە هەندێك جار یەکسانییەکە ئەوەندە پەرگرانە چووەتە پێشەوە کە پیاو دەبێتە چەوساوە و ژن دەبێتە چەوسێنەر یان بە شێوەیەك شت دابەش دەکرێت کە بە ئاشکرا غەدر لە پیاو دەکرێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندی ژن بپارێزرێ کە من ئەوەشم پێ راست نیە

من هیوادارم لە کوردستان کۆمەڵە و رێکخراوەکانی ژنان رۆڵی باش ببینن بۆ هۆشیارکردنەوە پێش هەموو شتێك ، دەبێت رێکخراوەکان ئەو خەباتە بکەن بە هەوێنی کارکردنیان لە رووی بیر و ئازادییەوە دەبێت ژنی کورد بگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی پارێزگاری لە خۆی بکات و بچێتە ناو دەسەلآتەوە بە شێوەی ژنی سویدی دەتوانێ پارێزگاری لە ئەرك و مافەکانی بکات .

## پ / بارودۆخی ژنی کورد لە ئێستا بە بەراورد بە رابردوو چۆن دەبینی ؟

فەرهاد شاكەلی: لە راستیدا دیسان وەلأمی ئەم پرسیارە بۆ من ئاسان نییە بە هۆی ئەوەی من لە كوردستان نەژیاوم ، گەر لە چوارچێوەی خێزانەوە تەماشای ژنی كورد بكەین كەمن پێش (30) سی ساڵ ژنی كوردم بینیوە هەندێ گۆڕان رویداوە بەلأم كە قوڵ بیری لێدەكەیتەوە گۆڕانەكان گۆڕانی شكڵێن و گۆڕانی قوڵ نین لە پێكهاتەی خێزان دا ، بۆ نمونە لە رابردوودا ئەگەر ژنی كورد لە چێشتخانەدا كۆمەڵێ كەرەستەی كۆنی بە كارهێنابێت ئەوا ئێستا لە رووی تەكنیكەوە بارودۆخێكی باشتری هەیە كە ئەمەش بە مانای ئازادبوونی ژنی كورد یان باشتربوونی بارودۆخی ژنی كورد نییە بەڵكو چێشتخانەی ماڵی كورد باشتر بووە .

من دوو شتی جیاواز دەبینم كە گۆڕانی كومەڵگە ئەو گۆڕانە نییە كە تۆ لە زاهیریدا تەماشای بكەیت كە ئێستا لە كوردستان هەموو هۆیەكانی پەیوەندیكردن هەیە ، هەرگیز ئەمە بە مانای پێشكەوتنی كۆمەڵگا نایەت و پێشكەوتنی كۆمەڵگای كوردی دەبێت لە ناوەوە بێت لە هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ دروست دەبێت ، كە بە داخەوە من ئەو گۆڕان و هەڵوێستە لە ناو خێزان و كۆمەڵگەی كوردی دا نابینم .

### پ / ژن لە شیعری فەرهاد دا چ رۆڵێكی بینیوە ، ئایا ژن تەنها چێژ و جەستە بووە یاخود دەربری مەینەت و ئازار ؟

فەرهاد شاكەلی: تەجروبە لەگەڵ ژندا تەجروبەیە لەگەڵ مرۆڤ و منیش وەك گە نجێك لەم كۆمەڵگەیەدا ژنم بە كۆمەڵێك شێوە بینیوە ، من پێش هەموو شتێك لە ماڵی خۆماندا ژنم وەك و دایك و خوشك و هاوسەر بینیوە لە قوتابخانەشدا كە لە دواناوەندی كفری خوێندوومە لەگەڵ كچاندا ئەو سەردەمە تێكەڵ بووین و دواتریش ژنم وەك و خۆشەویست ( دەزگیران ) ناسیوە .

رەنگە ئەو وێنە سەقەتە بەتایبەت لای هەندێ شاعیر هەبێت كە تەنها ژن وەك جەستە دەبینێت كە وێنەیەكی راست نییە و گەر ژن لەو روانگەیەوە ببینرێت ئەوا سوكایەتی كردنە بە ژن و بەبینینی لایەنە جوانەكانی تری ژن كە پێش هەموو شتێك مرۆڤە ، ئەو مەفهوومە تەسكەی كە ژن بە جەستە دەبینێت لە ئەوروپا وانییە .

### پ/ تاراوگە چ كاریگەرییەكی لە سەر دونیای ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی ژن بە تایبەتی هەبووە ؟

فەرهاد شاكەلی: تاراوگە شێوە ژیانداریییەكە كە كاریگەری دەبێت لە سەر تاكە كەس بە تایبەت كەسی داهێنەر ، پێم وایە تاراوگە كاریگەری باشی هەبووە بەلأم كۆمەڵێ كاریگەری خرا پیشی هەبووە بۆ ئەو نوسەرانەی كە لە تاراوگە دەژین پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبی بێگانە پەیدا دەكەن بە هۆی خوێندنەوەی تێكستەكان بە زمانی دیكە وە ئەمەش هەستی بەراوردكارییان لا دروست دەكات لەوەی ئەدەب چۆن دەنوسرێ؟ یان ئەدەبی باش دەبێت چۆن بێت ؟ یان هەستی بەراوردكاری لە نێوان ئەدەبی كوردی و ئەدەبی بێگانەدا كە من پێم وایە دەبێتە هۆی داهێنانی باش ...

تۆ كە دەخوێنیتەوە ئاسۆیەكی فراوانترت لا دروست دەبێت و لەم رووەوە كاریگەری باشی هەبووە ، بەلأم بەشێكی زۆری ئەو نوسەرانەی كە لە تاراوگە دەژین لە رووی زمانەوە رەنگە نەتوانێت ئەو زانینەی كە پێشتر هەیبووە بیپارێزێت و ئەمەش لەلای تاكە كەس دەگۆڕێت .

من پێم وایە هەندێك لەو نوسەرانەی دەچنە دەرەوە زمانی كوردیان باشتر دەبێت ، بەلأم لای هەندێكیش بە پێچەوانەوە دەبیینین ، بەگشتی گەر ئێمە باس لە تەجروبەی تاراوگە بكەین تەجروبەیەكە لایەنی تاڵی زۆرە و لایەنی شیرینیشی زۆرە كە رەنگدانەوەی لە ئەدەبدا بە ئاشكرا دەبینین ، تاراوگە زۆرجار دەبێتە هۆی وشكبوونەوەی شاعیر و نوسەر .

### پ / ئەنفال وەك تراژیدیایەك چ كاریگەرییەكی لە شیعری فەرهاد دا هەبووە بە تایبەت موعاناتی كەسەری ژنانی گەرمیان ؟

فەرهاد شاكەلی: رەنگە من بتوانم لە بارەی ئەنفالەوە شت بنوسم بەشێوەی لێكۆڵینەوە و ووتار بەلأم لە بەر ئەوەی راستەوخۆ پرۆسەی ئەنفالم نەبینیوە ، ئاگایی من بۆ ئەنفال لەرێگەی ( فلیم و بەرنامەو نوسراوەكان ) ەوە بووە ، وەك هەر خوێنەرێكی تری ئەوروپایی چۆن كارەساتی ئەنفال دەبینێت منیش هەروای دەبینم رەنگە لە گەڕانەوەكانمدا هەندێ كەس و خێزان ببینم كە لە ئەنفال چییان بە

سەرهاتووە کە من بۆ خۆم کەسی زۆر نزیکم ئەنفال کراوە و من باری دەروونی ئەوان دەبینم بەلاّم ئەوانە نابنە هۆی ئەوەی کە من ئەو تەجروبەیە راستەوخۆ ببینم کە بە داخەوە لە شیعردا هیچ شتێکم لە بارەی ئەنفالەوە نەنوسیوە بەلاّم لە بوارەکانی تردا کاری باشم کردووە

تێبینی: ئەم دیدارە بۆ رادیۆی تەوار ئەنجام دراوە و لەبەر گرنگی بۆ رۆژنامە خراوەتە سەر کاغەز، بەدڵنیاییەوە کاك فەرهاد تێبینی لەسەر رێنووسەکەی هەیە بەلاّم لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی و کەمی بوار نەیتوانی ئەو کەلێنەمان بۆ پڕبکاتەوە، لەم رووەوە داوای لێبوردن لە خوێنەران و کاك فەرهادیش دەکەین.

---

## کورتەیەك لە ژیانی فەرهاد شاکەلی:

شاعیر و نوسەر ( فەرهاد شاکەلی ) خەڵکی گوندی شاکەلە لە گەرمیان و نزیکەی ( 30 ) ساڵە لە دەرەوەی کوردستان دەژی ,نوسەر هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسێکیدیدا لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا( گروپی شیعری کفری ) یان دروست کرد کە بون بە هۆی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی کە کاریگەریان لە سەر ئەدەبی کوردی تا ئەمڕۆ بەئاشکرا دیارە , فەرهاد شاکەلی تا ئێستا نزیکەی ( 20 ) بەرهەمی جۆراوجۆری بە کتێبخانەی کوردی پێشکەش کردووە کە شەشیان دیوانی شیعرین, جگە لەوە چەندین بابەتی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە زمانەکانی تریش بۆ زمانی کوردی , شیعرەکانی بۆ نزیکەی ( 10 ) دە زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە و ئێستا لە وولاّتی سوید دەژی و مامۆستای ( زمان و مێژوو ئەدەبی کورد ) یە لە زانکۆی ( ئۆپسالا )